

# ناساندنی ماڵپەڕی هاوبیرانی نەتەوەیی

بەڕێزان .... نووسەران و خوێنەرانی دڵسۆز و هێژا .....

بەم چەند ووشەیە دەمانەوێت زۆر بەکورتی ئەم ماڵپەڕە نوێیە و ئامانجەکانی بە ئێوەی بەڕێز و دڵسۆز بناسێنین.

لەسەرەتادا پێویستە ئەو راستییە باس بکەین کە جێگای شادمانییەکی زۆرە بۆ هەمووان کە ئەمڕۆ لەنێو تۆڕی ئینتەرنێتدا بە سەدان ماڵپەڕی رازاوە و پێشکەوتووی کوردی دەستبەکارن و رۆژانە گەلێ بابەت و بەرهەمی جۆراوجۆری بەپێز و راژەگوزار پێشکەش بە نامەخانە و فەرهەنگی کوردەواری دەکەن و چاو و دڵی خوێنەرانی کوردزمان رۆشن دەکەنەوە کە بێگومان شایستەی رێز و پێزانینی زۆرن.شایانی باسە ئەمڕۆ بڵاوکراوەی ئەلەکترۆنی نێو تۆڕی ئینتەرنێت لە هەموو جیهاندا بووەتە دیاردەیەکی گرنگ و پێویست. ئێمەی کوردیش ئەگەرچی هەتا ئێستا وەکوو پێویست نەمانتوانیوە کەڵك لە ئینتەرنێت وەربگرین بۆ زۆرتر ناساندن و خزمەتکردنی دۆزی رەوای نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمان و تەواو ناساندنی کێشەی رامیاری – نەتەوەیی خۆمان وەکوو ئەوەی کە هەیە بە هەموو دەوڵەتان و گەلانی دیکەی جیهان, بەڵام هەرچۆن بێت لەم بوارەدا چەند هەنگاوێکی دەستپێشکەرانە و گرنگ نراون و شایانی رێز و پێزانینی زۆرن. بێگومان جگە لە هەوڵە دیبلۆماسییەکانی کەسایەتی و کۆڕ و کۆمەڵ و پارت و رێکخراوە کوردی و کوردستانییەکان, شانبەشانی ئەم هەوڵانەش , بوونی ئەو ماڵپەڕە کوردییانەی کە تایبەتن بە کێشەی رەوای کورد و خزمەتکردنی بزافی رۆشنبیریکوردی , نەخش و کاریگەریی خۆیان هەیە و تا ئەندازەیەکی باش هەر ماڵپەڕەی لە بواری کارکردن و چالاکیی خۆیدا پشتیوان و هاوکاری سەرجەم بزووتنەوەی کوردایەتیە.

ئێمەی هاوبیرانی نەتەوەییش بە خستنەکاری ئەم ماڵپەڕە دەمانەوێت شانبەشانیهەموو ماڵپەڕە خزمەتگوزارییەکانیدیکە خزمەتێك بە کێشەی رەوای نەتەوەکەمان و بزووتنەوەی رۆشنبیریی کوردي و پرسي ئاشتی و ئازادی و ديموکراسیی مرۆڤ بکەین و لە هەمان کاتدا ئەم ماڵپەڕەش ببێتە سەکۆیەکی ئازاد بۆ یەکدی ناسین و گردبوونەوەی گشت ئەو رۆشنبیر و نووسەرە ئازادیخواز و دڵسۆزانەی چالاکانە لەرێگای نووسین و بڵاوکردنەوەی بیر و بەرهەمەکانیانەوە خزمەت بە دۆزی رەوای نەتەوەکەیان دەکەن . ئەم ماڵپەڕەش بەپێی توانا بە هەموو شێوەیەکی لەبار و گونجاو پشتیوانییان لێ دەکات و هاوکار دەبێت لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیاندا. هەروەها ئەم ماڵپەڕە دەرفەتێکی لەباریش دەبێت بۆ هەموو ئەو نووسەر و خامە بەپێز و دڵسۆزانەی کە هەتا ئێستا دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخسێنراوە تابتوانن بەرهەمی بیر و ماندوو بوونیان لە رێگای ئینتەرنێتەوە بڵاو بکەنەوە.

ماڵپەڕی هاوبیرانی نەتەوەیی, ماڵپەڕێکی نەتەوەیی – رۆشنبیریی سەربەخۆیە و کار بۆ خزمەتی دۆزی رەوای نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان و بزافی رۆشنبیریی نەتەوەی کوردی دەکات و لەسەر ئاستی گشت کوردستانی گەورە و نەتەوەی کورد لە هەموو شوێنێکی جیهاندا درێژە بە چالاکییە نەتەوەییە رۆشنبیرییەکانی کوردایەتی دەدات.

هەربۆیە لەم دەرفەتەدا بانگەوازی هەموو رۆشنبیران و نووسەرانی دڵسۆزی کورد و کوردستان دەکەین کە هەموو دڵسۆزانە بتوانین تۆڕی ئینتەرنێت تەنها بۆ خزمەتکردنی خۆمان و دۆزی رەوای نەتەوەیی خۆمان کەڵك لێوەربگرین, ئەمەش تەنها بەوە دەبێت کە هەمووان دەستبەرداری دژایەتی و دوژمنایەتی کردنی یەکدی ببین و تەنێ لە شارێ و رێبازی پیرۆزی بیری نەتەوەیی کوردی و کوردایەتیدا هەنگاو هەڵێنین و هەموو هێز و ووزە و تواناکانمان لەپێناوی خزمەتکردن بە کێشەی رەوای نەتەوە چەوساوەکەماندا تەرخان بکەین و گشت هەوڵ و هێز و تواناکانمان ئەمڕۆ ئاڕاستەی پشتیوانیکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان بکەین و هەموومان هاوبیر و هەڤاڵ و هاوڕێی ئەم رێباز و ئامانجە رەوا و پیرۆزەی کوردایەتی بین.

لە کۆتایی ئەم چەند ووشەیەدا ئاگادارتان دەکەین کە ماڵپەڕی هاوبیرانی نەتەوەیی, ماڵپەڕی هەموو کورد و کوردستانییەکی دڵسۆز و خزمەتگوزارە و بەرهەمی بیر و ماندووبوونی گشت نووسەران و رۆشنبیرانی دڵسۆزی کورد و کوردایەتی بەرێز و پێزانینی زۆرەوە بڵاو دەکاتەوە.

بەهیوای سەرکەوتن و بەشداریکردنی ئێوەی نووسەران و رۆشنبیرانی دڵسۆزین.

**دەستەی بەڕێوەبەرێتیی**

**ماڵپەڕی هاوبیرانی نەتەوەیی**

11-07-2005

www.HAWBIRAN.com